ئایدن معروف:نابێت دەستوەردانی سیاسی لە پرسی کێتاکان بکرێت

وەزیری هەرێم بە کاروباری کێتاکان رایگەیاند، لەگەڵ ئەوەدان هەڵبژاردنی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت، داواش دەکەن دەستوەردانی سیاسی لە پرسی هەڵبژاردنی پێویست بە لایەنە سیاسی پێکهاتەکانی نەکرێت، وە سکاڵای پێویندیدار بە یاسای هەڵبژاردن لە دادگای فیدراڵی بکشێنرێتەوە.

ئایدن معروف وەزیری هەرێم بە کاروباری پێکهاتەکان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەگەڵ ئەوەداین هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا کە 25ی مانگی (شوباتـ/2)ی ساڵی داهاتو بکرێت، بە شێوەیەک مافی کێتاکان پێشێل نەکرێت و پێشنیاز دەکەن یاسای هەڵبژاردنی ساڵی 2018 بەکاربهێنرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە دەستوەردانی سیاسی لە پشکی کێتاکان ناکات و داوا دەکەن ئەو سکاڵایەی لە دادگای فیدراڵی لە دژی کێتاکان لەیاسای هەڵبژاردن بەرزکراوەتەوە رەتبکرێتەوە، پرسی موچە بە پلەی یەک حکومەتی بەغدا لەی بەرپرسیارە و کراوە بە فشارێکی سیاسی لەسەر هەرێم.

ئەوەشی خستەوە، دەبێت کورسی کێتاکان لە پەرلەمانی کوردستان زیادبکرێت، چونکە بونی نێتەوەکان لە

هەرەم و عەراق گرنگە لە پرسی سیاسی هەردو قەوارەکەدا.